Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزای ئاکرێ بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)

**فاطمة قادر مصطفى [1] هۆشمەند جوهر عباس [2]**
**تەنکە عوسمان سعید [3]**

[1] بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[3] بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

خزمەتگوزاری تەندروستی وەک لایەنێکی گرنگی خزمەتگوزاری کۆمەڵگایی، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە خزمەتکردنی دانیشتوان لەچوارچێوەی سنورێکی جوگرافی دیاریکراو، چونکە پەیوەستە بە تەندروستی تاک و کۆمەڵگا، و زۆربەی کات بەرزی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی وەک پێوەرێک بۆ دەرخستنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و دەوڵەت پێوانەدەکرێت.

بوارەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی، چاودێری تەندروستی و چارەسەری نەخۆشی لەخۆدەگرن، ئەم خزمەتگوزارییە لەڕێگەی کۆمەڵێک دامەزراوەوە پێشکەش بەدانیشتوان دەکرێت، کە سەرجەم پێداویستییە ماددی و مرۆییەکان لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە پێویستە دەوڵەت گرنگی زۆری پێبدات، ئەمەش لەپێناو پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و پاراستنی لە نەخۆشییەکان، چونکە دابینکردنی تەندروستی باش بۆ تاک مافێکی سەرەکی و بنچینەییە.

**کلیلە وشەکان:** خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی، ناوەندی شوێنی، ئاڕاستەی دابەشبون، دوری پێوانەیی، هاوکۆلکەیی نزیکی.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5
**Received:** 24-August-2021
**Accepted:** 21-October-2021
**Published:** 29-June-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
fatma.qadr@uor.edu.krd
hoshmand.abbas@su.edu.krd
tnka.saeed@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەیەکێک لە خزمەتگوزارییە پێوستەکان دادەنرێت، کە پێشکەش بە دانیشتوان دەکرێت. لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە. و هۆکارێکی سەرەکیشە لە هۆکارەکانی پەرەپێدان. خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ هەر کۆمەڵگایەک، چونکە ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەیە، ئەمە جگەلەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پێوەرە تەندروستییەکان و پێوەرەکانی پەرەپێداندا هەیە، بەجۆرێک ئاستی تەندروستی بڕیار لەسەر ئاڕاستەی پەرەپێدان دەدات، لەهەر بەشێک لە بەشەکانی جیهاندا. بۆیە گرنگیدان بەخزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆتە پێویستییەکی بەردەوامبون لەگەڵ پێشکەوتنە فراوان و گشتگیرەکانی سیستەمی تەندروستی لەبوارەکانی زانست و تەکنەلۆجیا، چونکە کەرتی تەندروستی یەکێکە لەگرنگترین کەرتەکانی پەیوەست بەدروستکردنی ئایندەوە. لەئەنجامی ئەو پێشکەوتنانە چەندین ڕێگا و شێوازی چارەسەرکاری پێشکەوتوی جیاواز بەدەرکەوتن و گەشەیانکرد، ئەو بەرەوپێشچونەی کە بەدەرکەوت لەبەکارهێنانی ئەم شێوازە و پێوانە لەچوارچێوەی شیکردنەوەی ئاماری پێشکەوتو لە پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیاریی جوگرافیەکاندا (GIS) بونە پاڵنەرێکی سەرەکی لەبەردەوامبونی بەکارهێنانیان لە لێکدانەوەی ڕەهەندە شوێنییەکانی دابەشبونی دیاردەکان.

جێگای ئاماژەیە لە لێکۆڵینەوەکەماندا تەنها تیشکمان خستۆتە سەر خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتییەکان (حکومییەکان)، و باس لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتییەکان (ئەهلییەکان) ناکەین، مەبەستمان نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستین.

## گرنگی لێکۆڵینەوە:

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

١- گرنگیدان بەباری تەندروستی و خستنەڕوی قەبارەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و توانستی پێشکەشکردنی، هاوشان لەگەڵ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان.

٢- شیکرنەوەی ئەو جیاوازییەی کە لە دابەشبون و توانستە خزمەتگوزارییەکاندا هەیە، سەرەڕای خستنەڕوی ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی بەرەو پێشبردنی ئەم خزمەتگوزاریە دەبنەوە لە قەزاکە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکانی ئەو خزمەتگوزاریە.

٣- بەشداریکردنی ئەم توێژینەوەیە لە بونیاتنانی توێژینەوەیەکی جێبەجێکاری لە پلاندانانی گەشەپێدانی بەردەوامی تەندروستی لە داهاتوی ئەم قەزایەدا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتییە لەشیکردنەوەی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەقەزای ئاکرێ، هەروەها دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بەدانیشتوانی ناوچەکە و پاشانیش مەزەندەکردنی پێداویستییەکانی لە ئێستا و لە داهاتوی دانیشتوان لە قەزای ئاکرێدا.

**کێشەی لێکۆڵینەوە:** کێشەی لێکۆڵینەوە بەشێوەی پرسیار دەخەینەڕو:

١- خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەشێوەیەکی ناڕێک دابەشبون بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی قەزای ئاکرێ. هەروەها ناگونجێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی؟

٢- ئایا تا چەند خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاني ناوچەکە خزمەتگوزاری گونجاو و پێویست پێشکەش بەدانیشتوانی ناوچەکە دەکەن؟

٣- توانست و دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناوچەکەدا تا چەند گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی تەندروستی جیهانی و نێوخۆیی؟

## گریمانەی لێکۆڵینەوە:

١- نارێکی لە دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، و نەبونی پەیوەندی هاوسەنگ لەنێوان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە و قەبارەی دانیشتوان بەپێی پێوەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

٢- ئایا خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەگەڵ ئەو زیادە زۆرەی ژمارەی دانیشتوان دەگونجێت.

٤- پێوەرەکانی توانستی گەشەپێدانی تەندروستی بەشێوەیەکی بەردەوام، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بارودۆخی چاودێری تەندروستی.

## لێکۆڵینەوەکانی پێشو:

لەو بوارەدا چەندین توێژینەوە ئەنجامدراون، و سودمان لێبینیون، هەوڵ دەدەین هەندێکیان بخەینەڕو:

١. توێژینەوەی فاطمة قادر مصطفى، بەناونیشانی (التوزيع الجغرافي للخدمات الصحية في مدينة أربيل بإقليم كوردستان العراق)، کە توێژەر جەختی کردۆتە سەر دابەشبون و شیکردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی بەحکومی وئەهلییەکانەوەو لەشاری هەولێر بەپشتبەستن بە داتای ٢٠١٢، پاشان دەرخستنی کەموکوڕتییەکان و چارەسەرییەکان (مصطفى، ٢٠١٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

٢. توێژینەوەی فاطمة قادر مصطفی، بەناونیشانی (التوزيع المكاني للخدمات الصحية في قضاء شقلاوة بمحافظة أربيل بإقليم كوردستان العراق)، توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا هەوڵیداوە لە کێشەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی بکۆڵێتەوە لە قەزاکە لەگەڵ ڕێژەی سەردانیکەرانی ئەو خزمەتگوزاریانەی ڕونکردۆتەوە، هەڵسەنگاندنی بۆ توانستی خزمەتگوزاریەکە کردوە، لەگەڵ پێشبینیکردن و پێداویستی داهاتوی قەزاکە ساڵی ٢٠١٢ بۆ ٢٠٣٧ بەبەکارهێنانی سەرچاوەیەکی زۆری تایبەت بەو بوارە (مصطفی،٢٠١٥).

٣. توێژینەوەی فاطمة قادر مصطفی، بەناونیشانی (كفاءه توزيع الخدمات الصحية في مدينة قلعەدزة (دراسة في جغرافية الخدمات))، ئامانجی ئەو توێژینەوەیە دەرخستنی وێنەی دابەشبون و توانستەکەیەتی کە خزمەتگوزاری تەندروستییە لە شاری قەڵادزێ، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە توێژەر ژمارەی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی وکارمەندانی تەندروستی بە هەمو ستافەکانیانەوە باسکراوە، لەگەڵ پێوەری ئاسانی گەیشتن و فۆرمی ڕاپرسی بۆ زیاتر دەرخستنی کێشەو گرفتەکانی شارەکە (مصطفی، ٢٠١٦).

٤. توێژینەوەی عمر حسن حسين الرواندزی، بەناونیشانی (كفاءه التوزيع المكاني للمراكز الصحية وعلاقتها بتوزيع السكان فی مدينة اربيل)، ئامانجی ئەو توێژینەوەیە شیکردنەوەی شوێنجێیە بۆ ئاستی کارایی بڵاوبونەوەی بنکە تەندروستییەکانی شاری هەولێرە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەو دابەشبونە و دابەشبونی دانیشتوان، بەئامانجی دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانی ئەو خزمەتگوزارییە، لەگەڵ دانانی ڕاسپاردەی گونجاو بەمەبەستی پێشخستنی ئەو جۆرە خزمەتگوزارییە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا (الرواندزی، ٢٠١٦).

٥. توێژینەوەی ساکار محمد حسن و فاطمة قادر مصطفی، بەناونیشانی (واقع التوزيع الجغرافي للخدمات الصحية فی مدينة رانية بإقليم كوردستان العراق وكفاءتها)، توێژینەوەکە دابەشبونی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی کردوە لە شاری ڕانیە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستوە، کە دابەشبونەکە بەپێوەری دانیشتوانەوە گونجاونییە، لەگەڵ خستنەڕوی ژمارەی کارمەندانی تەندروستی لەو یەکەو دامەزراوانە لەگەڵ شیکردنەوەی ڕێژەیان و توانستەکەیان بەبەکارهێنانی پێوەری ئاسانی گەیشتن وپلەی ڕازیبون بەبەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی (حسن و مصطفی، ٢٠١٧).

٦. توێژینەوەی هاشم یاسین حمدامین وهۆشمەند جوهر عباس وسەنگەر احمد حسێن و فەرهاد عثمان عمر، بەناونیشانی (جیاوازی شوێنی توانستە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەبات (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیا))، ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی شوێنجێی و چۆنیەتی دابەشبونی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروسییەکان لە قەزای خەبات، هەڵسەنگاندنی ئاست و توانای خزمەتگوزارییەکان پاشانیش مەزەندەکردنی پێداویستیەکانی لە ئێستاو لەداهاتوی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. (حمدامین و ئەوانی تر،٢٠٢٠).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

٧. توێژینەوەی فاطمة قادر مصطفى و هۆشمەند جوهر وسەنگەر عباس احمد حسێن، بەناونیشانی (شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەقەزای مێرگەسور)، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، بریتییە: لەشیکردنەوەی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای مێرگەسور، هەروەها دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە و پاشانیش مەزەندەکردنی پێداویستییەکانی لە ئێستا و لە داهاتوی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوردا. (مصطفى و عباس و حسێن، ٢٠٢١).

## میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لەم لێکۆڵینەوەیە بەمەبەستی گەیشن بە ئامانجەکانی، پشتبەستراوە بە میتۆدی ئیستقرائی، لە هەمان کاتدا میتۆدی شیکاری و شیکاری ئاماریش بەکارهاتوە، بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی شوێنجێیەتی دابەشبون و توانستەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی هەندێک ئاماژە و پێوانەی پلاندانان تایبەت بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

## پلانی لێکۆلینەوە:

ئامانجی لێکۆڵینەوە وا دەخوازێت دابەشبکرێت بۆ سێ باس: لە باسی یەکەم ئاماژە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبونی خزمەتگوزارییەکان لە قەزای ئاکرێدا کراوە، لە باسی دوەمدا هەڵساوین بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزاکەیە. و لە باسی سێیەم تیشک خراوەتە سەر هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی توانستەکانی و ئاسۆیی داهاتوی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزاکە.

## ١- ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان:

### ١-١ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

شوێن بەهۆکارێکی کاریگەر و بەنرخ هەڵدەسەنگینرێت لەتوێژینەوە جوگرافیەکاندا، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری ڕاستەوخوی هەیە لەسەر ژیانی مروڤ، هەروەها هەڵبژاردن و دیاریکرنی شوێنی جوگرافی بەشێوەیەکی بەردەوام پشتی بەتایبەتمەندی شوێنەکە و ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر هەرێمەکە هەیە، لەگەڵ ئەو هەرێمانەی دەوریان داوە.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

قەزای ئاکرێ یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای دهۆک دەکەوێتە بەشی باکوری عێراق و هەرێمی کوردستان. لەڕوی جوگرافیەوە شوێنێکی ستراتیژی هەیە، وەک پردی بەیەکبەستنەوەی پارێزگای دهۆک بەپارێزگاکانی نەینەوا ودهۆک (هەولێر و موسڵ) ژمارەیەکی زۆر لە یەکە کارگێڕییەکان بە بەشارو گوندەکانی پارێزگا ناوبراوەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لەڕوی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی)یەوە قەزای ئاکرێ دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (-٣١ : ٣٦°) و(-٣٢ : ٣٧°) باکور، و هەردو هێڵی درێژی (-٣٧ : ٤٣°)و (-١٨: ٤٤°) ڕۆژهەڵاتی گۆیی زەوی. نەخشەی (١)

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشەسازی GIS، ٢٠٢٠

لەڕوی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە قەزای ئاکرێ دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆک، لە باکوری ڕۆژئاوا هاوسنورە لەگەڵ قەزای ئامێدی، لەباشور لەگەڵ قەزای بەردەڕەش، لە باشوری ڕۆژهەڵات هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەولێر، لە ڕۆژئاواش لەگەڵ قەزای شێخان هاوسنورە. لەڕوی کارگێڕییەوە قەزای ئاکرێ (٤) یەکەی کارگێری لەخۆدەگرێت، ئەوانیش ناحیەکانی (سەنتەر) گردەسێن و بجیل و دینارتە، ڕوبەری گشتی قەزای ئاکرێ (1770کم٢) خشتەی(١). ژمارەی دانیشتوانی بەردوام لە زیادبونە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێویستییەکی هەنوکەیی و داهاتوی بەردەوامی دانیشتوانی قەزاکەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

خشتەی(١)

ڕوبەری یەکە کارگێرییەکانی قەزای ئاکرێ (کم٢) و ڕێژەکانیان(٢٠٢٠).

| ز | یەکەی کارگێری | ڕوبەر | ٪ | ز | یەکەی کارگێری | ڕوبەر | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی سەنتەر | 125 | 7 | ٣ | بجیل | 284 | ١٦.١ |
| ٢ | گردەسێن | 576 | 32.5 | ٤ | دینارتە | 785 | ٤٤.٤ |
| | ڕوبەری گشتی قەزاکە | | | | | | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6.

## 2-1دابەشبونی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە قەزای ئاکرێ ساڵی (٢٠٢٠):

دابەشبون بەکرۆکی کاری جوگرافی دادەنرێت، هەندێ جاریش وا لەجوگرافیا دەڕوانرێت کە زانستی دابەشبونی شوێنییە. دابەشبونی شوێنیی دیاردە جوگرافییەکان بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لە زانستی جوگرافیادا، بۆیە دابەشبون لە جوگرافیادا بریتییە لە دوبارەبونەوەی دیاردەکان لە شوێنیکدا، یان ئەو ڕێکخستنەیە کە لە ئەنجامی دابەشبونی دیاردەکان بەگوێرەی شێوازێکی تایبەت دەردەکەوێت. (الخير،٢٠٠٠،ص ٢٨٢)، سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە، لە ڕێگەی فەرمانگە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەش دەکرێت، کە نەخۆشخانە و بنکە سەرەکی و لاوەکییەکان و نۆرینگە میللی و تایبەتیەکان و دەرمانخانەکان و تاقیگەکانی شیکاری نەخۆشی، هەروەها ئەو پزیشک و کارمەندانەی لەم ناوەندانە کاردەکەن دەگرێتەوە. بەڵام وەک ئاماژەمان پێکردوە کە لێکۆڵینەوەکە تەنها تیشکی خستۆتە سەر خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە کەرتی گشتی (حکومی). خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئاکرێ ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

## ١-٢١دابەشبونی ژمارەیی و ڕیژەیی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان:

نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان بەیەکێک لەو دامودەزگا گرنگانە دادەنرێن، کە خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویش دەبینن لە کۆکردنەوەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، بە تێرامان لە خشتەی (٢) و نەخشەی (٢) دەردەکەوێت، کە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهاتوە (٢) نەخۆشخانەی (١٧٩) قەرەوێلە و (٢٠) بنکەی تەندروستی سەرەکی و لاوەکی، بەجۆرێک بنکە سەرەکیەکان لە سەنتەری قەزاو ناحیەکاندا هەیەو هەرچی بنکە لاوەکیەکانە بەسەر گوندەکاندا دابەشبونە، بەجۆرێک ناحیەی (گردەسین و بجیل) بەپلەی یەکەم دیت بەڕێژەیی (٣٠٪) و لە ناحیەی دینارتە لە پلەی دوەم دێت لە ڕێژەیی (٢٥٪) و پلەی سێیەمیش ناحیەی (سەنتەر) دێت ڕێژەیی (١٥٪) وەرگرتوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

خشتەی (٢) دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی نەخۆشخانەو بنكە تەندروستییەكان لەناوچەی لێكۆڵینەوە لەساڵی (٢٠٢٠)

| یەكە كارگێڕیەكان | نەخۆشخانە | ڕێژە (%) | قەرەوێلە | ڕێژە (%) | بنكەی تەندروستی | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٢ | ١٠٠ | ١٧٩ | ١٠٠ | ٣ | ١٥ |
| گردەسین | – | – | – | – | ٦ | ٣٠ |
| بجیل | – | – | – | – | ٦ | ٣٠ |
| دینارتە | – | – | – | – | ٥ | ٢٥ |
| | ٢ | ١٠٠ | ١٧٩ | ١٠٠ | ٢٠ | ١٠٠ |

كاری توێژەران: پشت بەستن بە:

١- حكومەتی هەرێمی كوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك بەشی ئامار، داتای بڵاونەكراوە ٢٠٢٠.

٢- حكومەتی هەرێمی كوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ئاكرێ بەشی ئامار، داتای بڵاونەكراوە ٢٠٢٠.

## دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی پزیشك و پەرستیار و خاوەن پیشە تەندروستییەكان:


پزیشك بەگرنگترین جۆری كادیری تەندروستی دادەنرێت و زۆرترین بایەخی خزمەتگوزاری تەندروستی لە دامودەزگا تەندروستیەكاندا هەیە، لە تێبینیكردنی خشتەی (٣) دەردەكەوێت، كە ژمارەی پزیشك لەناوچەی لێكۆڵینەوە گەیشتۆتە (٦٨) پزیشك كە بەشێویەكی نایەكسان بەسەر نەخۆشخانەو بنكە تەندروستییەكاندا دابەشبون. بەجۆرێك ژمارەی پزیشكانی ناحیەی (سەنتەر) (٤٦) پزیشكە، بەڕێژەیی نزیكەی (٦٨ %) لە كۆی ژمارەی پزیشكەكانی قەزاكە، ئەمەش وایكردوە بە پلەی یەكەم بێت لەڕوی ژمارەی پزیشكەكانی ناوچەكە، بەندە بەوەی كە ناحیەكە نەخۆشخانە و سی بنكەی سەرەكی هەیە لە كاتێكدا لە ناحیەی (دینارتە) ژمارەی پزیشك گەیشتۆتە (٦) پزیشك بە ڕێژەی نزیكەی (٩٪) لە كۆی ژمارەی پزیشك.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

نەخشەی (٢) دابەشبونی جوگرافی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی ٢٠٢٠




کاری توێژەران: پشت بەستن بە خشتەی (٢)

پەرستاریش وەک یارمەتیدەر و ئاسانکاری کار و پیشەی پزیشک ئەرک و فرمانێکی گرنگ و مرۆیی پڕبایەخی لەسەرشانە، کە بریتیە لە چاودێریکردنی نەخۆش و پێدانی داو و دەرمان و برینپێچی و ... هتد جێگای ئاماژەیە ژمارەی پەرستیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، (١٧٢) پەرستیارە، بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر یەکە کارگێڕییەکان دابەشبونە، زۆرترینیان لە ناحیەی سەنتەرە کە (١٠٤) پەرستیار لە کۆی پەرستیارانی قەزاکە، بەڕێژەیی (٦٠.٦٤٪) بەرزی ئەم ڕێژەیە بەندە بە زۆری بنکە تەندروستییەکان و هەروەها بونی نەخۆشخانە و دوری لە سەنتەری شاری دهۆک، و پاشان ناحیەی گردەسین ژمارە (٢٨) پەرستیارە و بەڕێژەیی (١٦.٢٧٪) و پاشان ناحیەکانی دینارتا و بجیل دێن، یەک لەدوای یەک بە (٢١_١٩) پەرستیار بەڕێژەیی (١٢.٢٠– ١١.٠٤٪) خشتەی (٣).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

خشتەی (٣) دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەی پزیشک و پەرستیار و خاوەن پیشەی تەندروستی لەناوچەی لێکۆلینەوە (٢٠٢٠)

| یەکە کارگێڕییەکان | ژ . پزیشک | ڕێژە % | ژ . پەرستار | ڕێژە % | ژ . خاوەن پیشە تەندروستییەکان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | 46 | ٦٧.٦٤ | 104 | ٦٠.٤٦ | 89 | ٥٦.٣٢ |
| گردەسین | ٧ | ١٠.٢٩ | 28 | ١٦.٢٧ | 31 | ١٩.٦٢ |
| بجیل | ٩ | ١٣.٢٣ | 19 | ١١.٠٤ | 21 | ١٣.٢٩ |
| دینارتە | ٦ | ٨.٨٢ | 21 | ١٢.٢٠ | 17 | ١٠.٧٥ |
| گشتی | ٦٨ | ١٠٠ | 172 | ١٠٠ | 158 | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ئاکرێ بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ٢٠٢٠.

سەبارەت بە خاوەن پیشەی تەندروستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیان (١٥٨) خاوەن پیشەی تەندروستین، بەهەمان شێوەی کارمەندە تەندروستییەکانی تر بەشێوەیەکی نایەکسان دەبینرێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە، زۆرترینیان لە ناحیەی سەنتەر (٨٩)، بەڕێژەیی ( ٥٦.٣٢٪) لە پاشان ناحیەکانی گردەسێن و بجیل دێن یەک لەدوای یەک بەڕێژەیی (١٩.٦٢- ١٣.٢٩٪). هەڵبەت ئەم جیاوازیەش لە دابەشبونی پزیشک و پەرستیار و خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە ناهاوسەنگی دابەشبون لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەیە لە دروستبونی ئەم ناهاوسەنگییە، لە پێشەنگی ئەو هۆکارانەش، بریتییە لە نەبونی پلانێکی تۆکمە و دورخایەن کە ڕەچاوی بارودۆخەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی دانیشتوان بکات، ئەمە جگە لەپابەندنەبون بە پەیرەوکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی شارستانیەت.

## دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانە و تاقیگە و نۆرینگە تایبەتییەکان:

دەرمانخانەکان کە ئەرکیان پێدان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویستە بۆ دانیشتوان، بە بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی هەژماردەکرێت، هەروەها تاقیگە کە ئەرک و کاریان بریتییە لە شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشی و دیاریکردنی نەخۆشییەکان و جۆرەکەی کە کار و پرۆسەی پزیشک ئاسانتر دەکات و لە ڕێگای ئەم تاقیگانەوە پزیشک دەتوانێ بڕیاری چارەسەر بدات بۆ نەخۆش و هاوولاتی. هەرچی نۆرینگە پزیشکیەکانە کە جۆرێکن لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتییەکان، ئەویش شانبەشانی کۆی پرۆسەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

خزمەتگوزاری تەندروستی بە بەشێکی گرنگ و تەواوکەری تەواوی پرۆسەکە هەژماردەکرێت. خشتەی (٤) وشێوەی (١)، ئاماژە بە دابەشبونی دەرمانخانەو تاقیگەو نۆرینگە تایبەتەکان دەکات.


خشتەی (٤) دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانەکان و تاقیگە و نۆرینگە تایبەتەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی (٢٠٢٠)

| ژ | یەکە کارگێڕیەکان | دەرمانخانە | ڕێژە% | تاقیگە | ڕێژە% | نۆرینگە | ڕێژە% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناحیەی سەنتەر | ٧ | ٤٦.٦٦ | ٥ | ٤٥.٤٥ | ١١ | ٥٢.٣٨ |
| 2 | گردەسین | 2 | ١٣.٣٣ | ٢ | ١٨.١٨ | ٤ | ١٩.٠٤ |
| 3 | بجیل | 3 | ٢٠ | ٢ | ١٨.١٨ | ٥ | ٢٣.٨٠ |
| 4 | دینارتە | 3 | ٢٠ | ٢ | ١٨.١٨ | ٦ | ٢٨.٥٧ |
| | کۆی گشتی | ١٥ | ١٠٠ | ١١ | ١٠٠ | ٢١ | ١٠٠ |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ئاکرێ بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ٢٠٢٠.




سەرچاوە: خشتەی (٤).

ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها (١٥) دەرمانخانە لەخۆدەگرێت بەجۆرێک ناحیەی (سەنتەر) (٧) دەرمانخانە بەڕێژەیی (٤٦.٦٦٪)، لە پلەی دوەم هەریەک لە ناحیەکانی بجیل و دینارتە دێت بەڕێژەیی لە (٢٠%). سەبارەت بە تاقیگەکان کە ژمارەیان (١١) تاقیگەیە، بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشبونە بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

بەجۆرێک ناحیەی (سەنتەر) بەرزترین ڕێژە لەخۆدەگرێت بە ڕێژەی (٤٥.٤٥٪) و ناحیەکانی تر هەر یەکەیان بە ڕێژەیی (١٨.١٨%).

هەرچی تایبەتە بە نۆرینگە تایبەتەکان لەناوچەی لیکۆڵینەوە ژمارەیان (٢١) نۆرینگەیە ناحیەی (سەنتەر)، (١١) نۆرینگە بەڕێژەیی (٥٢.٣٨٪) هەریەک لە ناحیەکانی گردەسێن و بجیل و دینارتە یەک لەدوای یەک بەڕێژەیی (١٩.٠٤_٢٣.٨٠_٢٨.٥٧٪).

## ٢-١ شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

توێژەرانی بواری جوگرافیا گرنگی دەدەن بە کرداری شیکاری شوێنجێیی داتاکان و پراکتیزەکردنیان لە بوارە جیاجیاکان. لە شیکاری شوێنجێیدا هەر دیاردەیەک ڕووبەرێکی شوێنی، و بڵاوبونەوە و دابەشبونێکی دیاریکراوی هەیە، ئامانجی ئەم جۆرە شیکارە دۆزینەوەی پەیوندییەکان و پێکەوەبەستنەوەی توخمەکانی دیاردەکەیە بۆ گەیشتن بە بنیاتنانی نمونەیەکی شوێنی بۆ دیاردە شوێنیەکان. (داود، ٢٠١٢، ص١٦٢)، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە، کە بەزۆری پێوەرەکانییەوە ناسراوە دەربارەی دابەشبونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێک بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبونی دیاردەکان و هەریەک لەم پێوەرانە ئاماژەو تایبەتمەندیەکی جوگرافی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانە (ناوەندی شوێنیی Mean center)، (ئاڕاستەی دابەشبون Directional Distribution) (دوری پێوانەیی Standard Distance): کە دەکرێت بەکاریانبهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لەسروشت و تایبەتمەندی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای ئاکرێدا.

### ٢-١-١ ناوەندی شوێنی Mean cente

لێکۆڵینەوە لە دابەشبونی شوێنیی دیاردەکان، جوگرافیناسانی ناچارکردوە گرنگی بدەن بە دەستنیشانکردنی ناوەندەکانی چەقی دیاردەکان کە گوزارشت لەچەقی قورسایی، یان خاڵی ڕاکێشانی سەرەکی دابەشبونی یان سەنتەری چڕبونەوەی دیاردەیەکی جوگرافی دەکات (رواندوزی و هەنارەیی، ٢٠١٧، ل١٩٢-١٩٣)، هەروەها ئەم پێوەرەە سودی لێوەردەگیرێت بۆ بەراورکردنی نێوان دابەشبونی ڕەگەزەکانی دو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراو یاخود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێک کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت تێکرایی نزیکترین تایبەتمەندی بنوێنێت (شحاتە،٢٠٠٢،ص ١٩١).

گونجاوترین شوێن بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی دابەشبونی شوێنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە قەزای ئاکری بەگوێرەی پێوەری ناوەندی شوێنی بۆمان دەردەکەوێت: کەوا ناوەندی شوێنیی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە قەزای ئاکری دەکەوێتە شوێنێک تارادەیەک ناوەڕاستە کە نزیک دەبێتەوە لە سەنتەری ناحیە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5


Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

ئەوەش بەهۆی هێزی ڕاکێشانی سەنتەری ناحیەی سەنتەر بۆ خزمەتگوزارییە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و دەرکەوتنی وەکو سەنتەرێکی خزمەتگوزاریی، نەخشەی (٣).

## ٢-١ ئاڕاستەی دابەشبون (Directional Distribution).

تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبون هەڵدەستێ بەپێوانەکردنی ئاڕاستەی دابەشبونی دیاردەکان یاخود ڕەگەزەکانی دیاردەیەک، کە دەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا بڵاونەتەوە، لەڕێگای وێنەکێشانی بازنەیەکی شێوە هێلکەیی بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا بەمەش ئاراستەی شێوە هێلکەییەکە ئاماژەیە بە ئاڕاستەی دابەشبونی دیاردەکان، کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەگرێتە خۆی (داود،٢٠١٤،ص٢٧٣) خشتەی (٥ ) نەخشەی (٤) تایبەتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان:

نەخشەی (٣) ناوەندی شوێنیی و ئاڕاستەی دابەشبون و دوری پێوانەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ٢٠٢٠




کاری توێژەران: بەپشت بەستن: بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، ٢٠٢٠



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

خشتەی (٥) ئاڕاستەی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئاکرێ ٢٠٢٠

| بەهای تەوەرەکانی ئاڕاستەی دابەشبون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەژکانی ناو شێوە هێلکەییەکە |
|---|---|---|---|
| بەهای X (م) | بەهای Y (م) | پلەی سورانەوە | ٥٠ |
| ١٩٠٩١ | ٩٤٠٩ | ١٠٢ | |

سەرچاوە: بنکەی زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی ئاڕاستەی دابەشبون لە چوارچێوەی پڕۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

لەدوای جێبەجێکردنی تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبون (Directional Distribution)، لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis) لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای ئاکرێ بەو دەرئەنجامە گەیشتین: ئاڕاستەی ڕاستەقینەی بڵاوبونەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای ئاکرێ کە شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتوە لە تەرزەکانی دابەشبونی لە سنوری نێوان باشوری ڕۆژهەڵات باشوری ڕۆژئاو، پلەی سوڕاوەی (١٠٢) پلەیە، و ڕێژەی سەدی ژمارەی خزمەتگوزارییەکانی ناو شێوە هێلکەییە (٥٠٪) هەروەها ئاڕاستەی بڵاوبونەوەیان هەمان ئاڕاستەی فراونبونی قەزاکە و بڵاوبونەوەی دانیشتوانی وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەش خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان نەیان توانیوە خزمەتگوزارییەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست ودروست پێشکەش بە دانیشتوان بکەن، لە ئەنجامدا کاری کردۆتە سەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ناوچەکە، ئەمەش تاڕادەیەک بەندە بەکەمی بنکە تەندروستییەکان و ناهاوسەنگی لە دابەشبونی بنکەکان.

## ٣-١ دوری پێوانەیی (Standard Distance).

دوری پێوانەیی هاوشێوەیی لاربونەوەی پێوانەییە لە ئاماری وەسفیدا، ئامانج لە بەکارهێنانی دەستکەوتنی وەسفێکی وردە بۆ بڵاوبونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە لە دەوری ناوەندی چەق، دوری پێوانەیی بریتییە لە نیوەتیرەی بازنەیەک کە دەستپێدەکات لە ناوەندی چەقی دیاردەکان کە ئامانج لە بەکارهێنانی گەیشتنە بەچۆنیەتی بڵاوبونەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی تەرزەکەیەتی لەنێوان دابەشبونی سروشتی و گردبونەوەو پەرشوبڵاویدا، دوری پێوانەیی هەر دابەشبونێکی بریتییە لە ڕەگی دوجای چوارگۆشەکانی لابونەوەی خاڵەکان لەناوەندی چەقی ئەو خاڵانە، ئەگەر هاتو ئەو بازنەیەی کە یەکسانە بە دوریەکی پێوانەیی(٦٨.٢٧٪) توخمەکانی دیاردەکانی لەخۆگرتبو ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبوەو جگەلەمە هەر جۆرە دابەشبونێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە. (عبدالله و حسن،٢٠٠٨، ص١٠٦)، بەجۆرێک دوری پێوانەیی لەپەیوەندییەکی ڕاستەوانە دایە لەگەڵ پەرتبونی دیاردەکە، هەرچەندە بەهای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

دوری پێوانەیی گەورەتر بێت لەناوەندی چەقی دیاردەکەوە ئەوەندە توخمەکانی دیاردەکە بڵاوتردەبن لەیەکتر ناچن، بە پێچەوانەی چڕی توخمەکانی دیاردەکە بەرزتر دەبێتەوە لە چواردەوری ناوەندی چەقی دیاردەکان بەکەمبونەوەی بەهای دوری پێوانەیی. خشتەی (٦) نەخشەی (٣) تایبەتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان

پاش بەکارهێنان و شیکرنەوەی دوریی پێوانەیی لە تەکنیکی Standard Distance) لە ژێر هەردو لیستی (Measuring Geographic Distributions) و (Spatial Statistics Tools)، بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکدا لە بەرنامەی Arc Gis و جێبەجێکردنی لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای ئاکرێ وەک لە خشتەی (٦) و نەخشەی ( ٣) تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە دابەشبونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکاندا زیاتر شێوازێکی چڕی بەرەو سروشتی دەچێت وەرگرتوە، چونکە دەرئەنجامەکەی نزیکە لە٦٨.٢٧٪) بەجۆرێک ڕێژەی ئەو خزمەتگوزاریی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کەوتونەتە ناو یەک دوری پێوانەییەوە بریتییە لە (٦٨،١٨٪).

خشتەی (٦) دەرئەنجامی دوری پێوانەیی لە قەزای ئاکرێ ساڵی ٢٠٢٠

| گۆڕاوەکان | دوری پێوانەیی بە مەتر | ڕێژەی سەدی ئەو خزمەتگوزارییەی کەوتۆنەتە ناو بازنەیەکی یەکسان بە یەک دوری پێوانەیی % |
|---|---|---|
| **قەزای ئاکرێ** | ١٣٨٩ | ٦٨.١٨ |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی دوری پێوانەیی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc Gis.v.10.6)

## ٢-٢- تەرزی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئاکرێ:

بریتییە لەو ئاڕاستە و شێوەیەی کە خاڵەکانی دیاردەیەکی جوگرافی وەریدەگرێت لە دابەشبونە شوێنیەکەی لەسەر ڕوی زەوی، و پەیوەندی شوێنی هەر خاڵێکی دیاردە توێژکراوەکە بەوانی ترەوە، کە دەبێت خاڵەکان لە یەک نزیک بێت و ماوەی نێوانیشیان ڕێک یان ناڕێک بێت. یاخود دەبێت خاڵەکان لەیەک دور و ماوە نێوانیشیان ڕێک یان ناڕێک، یانیش دەبێت شێوازێکی هەڕەمەکی بێت.

سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان خاوەنی چەندین تەکنیک و ڕێگا ئاماریی شوێنییە، کە توێژەران پشتی پێدەبەستن و بەکاریدەهێنن، بۆ گەڕان بەدوای زانینی شێوازی دابەشبونی دیاردە جوگرافییەکان، بەجۆرێک دەرئەنجامێکی بڕی تەواو و دروستت دەداتێ بەبێ پێویست بون و ئەنجامدانی پێوانەکردن و بەکارهێنانی هاوکێشەکان، ئەمەش بیرۆکەیەکی گشتیت پێدەبەخشێ لەسەر تایبەتمەندی دیاردەکان کە دەکرێت لەم توێژینەوەیەماندا بۆ گەیشتن بەدەرئەنجامێکی ئاماریی ڕاست و دروست دەربارەی شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای ئاکرێ پەنا ببەین بۆ هەر یەک لە لە تەکنیکەکانی هاوکۆلکەیی نزیکی دراوسێیەتی: Average Nearest



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

– Neighbor ڕێبەری مۆران(Moran I) پێوەری (General G.) لەچوارچێوەی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ١-٢-٢ هاوکۆلکەیی نزیکی دراوسێیەتی: Average Nearest Neighbor

پەیوەندی هاوسێیەتی یەکێکە لە گرنگترین ڕێگا ئامارییەکان بۆ دۆزینەوەی سروشتی دابەشبونی شوێنیی دیاردە جوگرافییەکان، کە دەکرێت لە ڕێگایەوە پلەی ڕێکی و هەرەمەکی دیاردەکانی پێبپێوریت لە یەکە ڕوبەرێکی دیاریکراودا، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەوەی دوری ڕاستەقینەی جیاکەرەوە لەنێوان ڕەگەزەکانی دیاردەکەو و ڕێژەی تێکراکەی بەرامبەر بەتێکرایی دوری پێشبینکراوی نێوان دیاردەکان لەشێوازی هەرەمەکیدا (الصالح، ٢٠٠٠، ص ٢٧)، نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (٠) بۆ (٢.١٤٩)ە. بەجۆرێک نرخی (سفر) شێوازی کۆکراوەیی ئەنوێنی و(٠.١ – ٠.٥) لەیەک نزیکی ناڕێک، و(٠.٦ – ٠.٩) لەیەک نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، و یەکی تەواو شێوازێکی هەڕەمەکی دەنوێنێ. و (١.١ – ١.٩) شێوازێکی لە یەک دور، هەروەها (٢– ٢.١٤٩) شێوازێکی ڕێکوپێک دەنوێنێ (داود، ٢٠٠٠، ص٢٢٨) بە جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی نزیکی دراوسێیەتی لە سەر داتاکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای ئاکرێ وەک لە خشتە (٧)، و شێوەی (١) وشێوەی (١)دا خراوەتە ڕو نرخی پلەی پێوەری (Z–Score)، (٣.٨) بو، کە ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (٢.٥٨) Critical Value تا ٢.٥٨ واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەندنەکراو، لەبەرئەوە گریمانەی بنەڕەتی (گریمانەی نەبون) ڕەتدەکەینەوە، کە دەڵێت شێوازی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان شێوازێکی هەرەمەکییەو و دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوتبوە، بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبوڵ دەکەین، کە دەڵێت شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراوە لەژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دورە لە شێوازی هەرەمەکی و ئاستی باوەڕپێکردن گریمانەکە بریتییە لە (٠.١) بەو واتایەی ئەگەری هەڵە (١٪) لە قبولنەکردنی گریمانەی جێگرەوە واتە (٩٩٪) ئەگەر ڕاستی لە گریمانەکە هەیە، و نرخی شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتیەکەشی گەیشتۆتە (١.٤)) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێوازی دابەشبونەکەیان شێوازێکی لەیەک نزیکی ناڕێکە، هۆکارەکەشی بەندە بەوەی کە بەشێک لەم خزمەتگوزارییە تەندروستیانە پێویستیان بە پسپۆرییە جیاوازەکانی یەکتری هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان لەلایەک ولەلایەکی تر کاریگەری دەبێت لەسەر دابەزینی ئاستی کارایی وەزیفی ئەم خزمەتگوزارییە تەندروستییانە لە جێبەجێکردنی پێشکەشکردنی ئەرکەکانیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5


خشتەی (٧)

دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان لە قەزای ئاکرێ ساڵی٢٠٢٠.

| بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەر پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١.٤ | ٣.٨ | ٠.٠٠٠١ | پەسەند نەکراو | شێوازێکی لە یەک دور |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6).

شێوەی (١) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە ٢٠٢٠




کاری توێژەران: پشت بەستن بە: خشتەی ژمارە (٧)

## ٢. هەڵسەنگاندنی توانستی فەرمانی خزمەتگوزاری تەندروستی لەناوچەی لێکۆڵینەوە:

هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هۆکاریکە بۆ دەرخستنی توانای خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەهەر ناوچەیەکدا، هەروەها دەبێتە هۆیەک بۆ مەبەستی بەرچاوڕونی بۆ بەرپرسان ئایا خزمەتگوزارییەکان لەچ ئاستێکدایە. بەجۆرێک بنەمایەکی سەرەکییە لەکاتی پلاندانانداندا بەمەبەستی دەرخستنی توانستی خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەشی دانیشتوان دەکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

### ٣-١-١ پێوەری وەزیفی:

توێژینەوە زانستییەكان بەمەبەستی پێوانەكردنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان پێوەری جیاواز بەكاردەهێنن، و ئێمەش لەم بەشەی لێكۆڵینەوەكەمان پێوەری وەزیفیمان پەیڕەوكردوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی ئەم خزمەتگوزارییە.

ئەم خزمەتگوزارییە بەپێی پێوەری عێراقی بۆ هەر (١٠٠٠) كەس لە دانیشتوان (١)پزیشك دیاری كراوە (العجیلي، ١٩٨٩، ١١٧). لە كاتی بەراوردكردنی تێكڕایی ژمارەی دانیشتوانی قەزای ئاكرێ بۆ هەر پزیشكێك. بەگوێرەی پێوەری عێراقی، لە خشتە (١٠) دەخەینەڕو.

خشتەی (١٠) تێكرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێكۆڵینەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٠).

| یەكە كارگێڕییەكان | ژ. دانیشتوان | ژمارەی پزیشك | تێكرایی دانیشتوان/ پزیشك | كەمی پزیشك (النقص) |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | 98347 | 46 | ٢١٣٧ | ٥٢ |
| گردەسین | 58742 | ٧ | ٨٣٩١ | ٥٢ |
| بجیل | 25951 | ٩ | ٢٨٨٣ | ١٧ |
| دینارتە | 36121 | ٦ | ٦٠٢٠ | ٣٠ |
| گشتی | 219161 | ٦٨ | ٣٢٢٢ | ١٥١ |

سەرچاوە: كاری توێژەران بە پشت بەستن بە خشتەی (٣).

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان،داتای بلاونەكراوە،٢٠٢٠

بەسەرنجدان لە خشتەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەكرێت، كە ناوچەی لێكۆڵینەوە هەژارە لەڕوی ژمارەی پزیشكی پێویست بەمەبەستی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری گونجاو و شایستە بە دانیشتوانی قەزاكە، بەجۆرێك بەگوێرەی پێوەری عێراقی پێویستیان بە (١٥١) پزیشكی تر هەیە. هەروەها لەڕوی بەكارهێنانی پێوەری ناوبراو هیچ ناحیەك بەگوێرەی پێوەر نییە، كە ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لە سەر توانستە خزمەتگوزارییەكان، هەر یەكە لە ناحیەكانی سەنتەر و گردەسێن (٥٢) پزیشكی پێویستە، لەدوای ئەوانیش ناحیەی دینارتەیە كە (٣٠) پزیشكی پێویستە بەگوێرەی پێوەری ناوبراو، دوا ناحیەش ناحیەی (بجیلە) كە (١٧) پزیشكە. بەسەرنج دان بە پێوەری دانیشتوان بۆ پزیشك لەسەر ئاستی ناحیە و قەزادا ناوچەی لێكۆڵینەوە نارێكی زۆر پێوە دیارە هۆكاری ئەم نارێكییە دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێنەكردنی پێوەرەكانی بەكارهاتو، كەواتە دەتوانین بڵێن ناوچەكە پێویستی بە پەرەپێدانی تەندروستی هەیە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

## ٢- پێوەری ژمارەی پەرستار بۆ پزیشک:

پەرستیارەکان چینێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستیین و ئامادەکاری دەکەن بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ نەخۆش، لەبەرئەوە بە هۆکارێکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەگوێرەی پێوەری جیهانی (٣) پەرستیار بەرامبەر(١) پزیشکە، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (٤) پەرستیار بۆ هەر پزیشکێکە، (صفر ،٢٠١٥، ٤٥٩) خشتەی (١١).

خشتەي (١١) تێکرایی ژمارەی پەرستیار بەرامبەر بەپزیشک لەناوچەی لیكۆڵینەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٠)

| یەکە کارگێڕییەکان | ژمارەی پزیشک | ژمارەی پەرستیار | پەرستیار/ پزیشک | کەمی پەرستیار (النقص) |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | 46 | 104 | ٢.٢ | ٨٠ |
| گردەسین | ٧ | 28 | ٤ | – |
| بجیل | ٩ | 19 | ٢.١ | ١٧ |
| دینارتە | ٦ | 21 | ٣.٥ | ٣ |
| گشتی | ٦٨ | 172 | ٢.٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان، داتای بلاونەکراوە،٢٠٢٠

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەموکوڕییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبونی پەرستیارەکان بە سەر بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکانی قەزاکە، بەڕادەیەک یەکە کارگێریەکانی قەزاکە ژمارەی پەرستیاریان کەمە، بەراورد بەتێکرای ژمارەی پەرستیاران بۆ پزیشکێک، یەکە کارگێرییەکانی ناوچەکە بە پێی ژمارەی پزیشکەکانی پێویستییان بە پەرستیار هەیە، بەجۆرێک ناحیەی سەنتەر (٨٠) کەمی پەرستیاری هەیە هەریەکە لە ناحیەکانی (بجیل) و دینارتە یەک لەدوای یەک (١٧ – ٣) پەرستیاریان هەیە، هەروەها بەپێی پێوەری عێڕاقی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە پێویستی بە (١٠٠) پەرستیاری تر هەیە بەپێی ژمارەی پزیشکەکانی قەزاکە.

## ٣- پێوەری خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشک:

خاوەن پیشە تەندروستییەکان بەشیکی گرنگی کەرتی تەندروستین و رۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوان. جێگای ئاماژەیە پێوەرە نێوخۆییەکان هەر (٣) سێ خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ هەر پزیشکێک داناوە(سلمان، ٢٠٠٧،ص ٢٧٣)، خشتەی (١٢).

خشتەی (١٢)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

تێکڕایی ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی بەرامبەر بە پزیشک لەناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٠٢٠)

| یەکە کارگێڕییەکان | ژمارەی پزیشک | ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی | خاوەن پیشەی تەندروستی / پزیشک | کەمی خاوەن پیشەی تەندروستی پزیشک (النقص) |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | 46 | 89 | ١.٩ | ٤٩ |
| گردەسین | ٧ | 31 | ٤.٤ | + |
| بجیل | ٩ | 21 | ٢.٣ | ٦ |
| دینارتە | ٦ | 17 | ٢.٨ | ١ |
| گشتی | ٦٨ | 158 | ٢.٣ | ٥٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان، داتای بلاونەکراوە،٢٠٢٠

بەسەیرکردنی خشتەی (١٢) ناهاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبونی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێرییەکان قەزاکە، بەجۆرێک ناحیەی (سەنتەر) تێکڕایی خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشک تەنها (١.٩)، خاوەن پیشە تەندروستییە لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بە پێی ژمارەی پزیشکەکان وبەپێی پێوەری کارپێکراو لە عێراق خاوەن پیشەی تەندروستیی، کەمترە لە پێوەری دیاریکراو. ناحیەی (سەنتەر) پێویستیان بە (٤٩) خاوەن پیشەی تەندروستی تر هەیە بەپێی ژمارەی دکتۆر لە یەکە کارگێرییەکان. بەجۆرێک ناحیەی گردەسین بەگوێرەی پێوەر سودمەنترین ناحیەییە تێکرایی خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشک (٤.٤) هەریەکە لە ناحیەکانی دینارتە و بجیل کە یەک لەدوای یەک (٢.٨_– ٢.٣) خاوەن پیشەی تەندروستییە. بەپێی پێوەری عێراقی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە پێویستی بە (٥٦) خاوەن پیشەی تەندروستی تر هەیە بەپێی ژمارەی پزیشکەکانی قەزاکە.

لەڕۆشنایی ئەوەی باسکرا بۆمان دەردەرکەویت، بەگوێرەی پێوەری بەکارهاتو ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی ناحیەو قەزادا نارێکییەکی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی دروستکردوە، کە نەتوانن بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێک چاودێری نەخۆشەکان بکەن. ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە زیادکردنی فەرمانبەری خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە لە دامودەزگا تەندروستییەکاندا.

## ٤-پێوەری دانیشتوان بۆ قەرەوێڵە:

پێوەری دانیشتوان بۆ قەرەوێڵە بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت، ژمارەی قەرەوێڵە ڕێبەرێکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لەهەر دامەزراوەیەکی تەندروستیدا، گۆڕاوێکە جۆری خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستییەکان و قەبارەیان پێدیاریدەکرێت، لە پێشەکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی گونجاو بۆ دانیشتوان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

بەپشتبەستن بەپێوەری عێراقی، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دانراوە، یەک قەروێلە بۆ (٢٠٠) کەسە.(وزارة التخطيط، ١٩٧٧، ص٥٦). خشتەی (١٣).

خشتەی (١٣)

تێکڕایی ژمارەی دانیشتوان بۆ قەروێلە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی( ٢٠٢٠)

| یەکە کارگێڕییەکان | ژ. دانیشتوان | ژ. قەرەوێلە | تێکڕایی دانیشتوان/ قەرەوێلە |
|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | 98347 | ١٧٩ | ٥٤٩ |
| گردەسین | 58742 | – | – |
| بجیل | 25951 | – | –– |
| دینارتە | 36121 | – | |
| گشتی | 219161 | ١٧٩ | ١٢٢٤ |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی (٢).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ،٢٠٢٠.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەوارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان،داتای بلاونەکراوە،٢٠٢٠

بەسەرنجدان لە خشتەی (١٣) تێبینی دەکرێت، کە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی پێوەری ناوبراو لەسەر ئاستی ناحیە وقەزادا، کەموکورییەکی زۆر بەدیدەکرێت، بەجۆرێک لەسەر ئاستی ناحیەدا ناحیەی (سەنتەر) کەمترین ئاستی تۆمار کردوە، کە بۆ یەک قەرەوێڵە بەرامبەر (٥٤٩)، کەسە. هەروەها لەسەر ئاستی قەزادا ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی پێوەری عێراقی زۆر شایستە نییە، چونکە بۆ یەک قەرەوێڵە (١٢٢٤) کەسە. بەمەش ناهاوسەنگی بەدەردەکەوێت لەنێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانەکاندا کە کاردانەوەی خراپی هەیە لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ دانیشتوانی قەزاکە. هەر بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بەزیادکردنی ژمارەی قەرەوێڵە هەیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەشێوەیەکی تەندروست پێشکەش بە دانیشتوان بکات.

## ٣- پێوەری دانیشتوان بۆ دەرمانخانە:

دەرمانخانەکان بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستین لە ڕێگەیەوە داو و دەرمانی پێویست بۆ نەخۆش دابین دەکرێت. بەپێی پێوەرە نێوخۆییەکانیش هەر دەرمانخانەیەک بۆ (٢٠٠٠٠) کەس لە دانیشتوان دیاریکراوە (الكبيسي،٢٠٠٩، ص٧٩). جێگای ئاماژەیە ناوچەی لیکۆڵینەوە (١٥) پێنج دەرمانخانە لەخۆدەگرێت، خشتەی (١٤)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

خشتەی (١٤) تێکڕایی ژمارەی دانیشتوان بۆ دەرمانخانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی ( ٢٠٢٠)

| یەکە کارگێڕییەکان | ژ. دانیشتوان | ژ.دەرمانخانە | تێکڕایی دانیشتوان/ دەرمانخانە |
|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | 98347 | ٧ | ١٤٠٤٩ |
| گردەسین | 58742 | ٢ | ٢٩٣٧١ |
| بجیل | 25951 | ٣ | ٨٦٥٠ |
| دینارتە | 36121 | ٣ | ١٢٠٤٠ |
| گشتی | 219161 | ١٥ | ١٤٦١٠ |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی (٤).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەوارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان، داتای بلاونەکراوە،٢٠٢٠

بەسەیرکردنی خشتەی سەرەوە تێبینی دەکرێت کە یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەکە، لەڕوی پێوەری ناوبراو گونجاون، تەنها ناحیەی گردەسین نەبێت بەگوێرەی پێوەر نییە تێکرایی دەرمانخانە بەرامبەر بە دانیشتوان (٢٩٣٧١) بەرامبەر دانیشتوان، هەروەها لەسەر ئاستی قەزا تێکرای دەرمانخانە (١٤٦١٠)، بەجۆرێک ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە بەگوێرەی پێوەری ناوخۆیی ناوچەی لێکۆڵینەوە تێکڕایەکی باشی هەیە، ئەمە سەرەرای ئاسانی گەیشتن پێیان بەمەبەستی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی نەخۆش.

## ٣- ئاسۆیی داهاتوی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە لەقەزای ئاکرێ:

ئەنجامدانی هەر لێکۆڵینەوەیەک هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی خزمەتگوزارییەکان لەداهاتو، کە پێشکەشی کۆمەڵگە دەکرێت، هەروەها گرنگیەکی گەورەی هەیە لە بوارەکانی پلاندانان و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری، کە ئامانج لێی پڕکردنەوەی پێداویستی دانیشتوانە، کە ئەویش پێویستی بە پلاندانانی خزمەتگوزاریی تەندروستی هەیە، تاکو بتوانێت چارەسەر بۆ گرفتەکانی داهاتو بدۆزێتەوە، ئامانجی سەرەکیش بریتییە لە: زانینی پێداویستییەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی بنەڕەت (٢٠٢٠)، تا ساڵی ئامانج (٢٠٤٠ )، لەم تەوەرەدا پشتیان بە هەڵسەنگاندنی ئەم پێداویستییە بەستوە، کە لە ژێر کاریگەری ئاماژەکانی دانیشتوان هاتۆتەکایەوە

لە ڕوانگەی ئەم ڕاستیەشەوە بۆ مەبەستی مەزەندەکردنی قەبارەی دانیشتوانی قەزای ئاکرێ لە داهاتودا پشت دەبەستین بە زیادبونی ساڵانەی دانیشتوان، بەگوێرەی داواکارییەکانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، هەروەها پشت بەستن بە زیادەی ساڵانەی دانیشتوان، کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠)، دا ڕێژەکەی گەیشتوەتە (٣.١). ئەمەش مەزەندە دەکرێت، تا ساڵی (٢٠٤٠) ژمارەی دانیشتوان لە قەزاکەدا بگاتە (٤١٩٥٢١) کەس، خشتەی (١٥)، ئەم ڕاستیە ڕونتر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

دەکاتەوە ئەو زیادبونەی ژمارەی دانیشتوان پێویستی بە خزمەتگوزاریی تەندروستی گەورە دەبێت لە داهاتودا، بەشێوەیەک داواکارییەکانی دانیشتوان دابین بکات کە بەردەوام لە زیادبونداية.

خشتەی (١٥)

مەزەندەکردنی ژمارە دانیشتوانی لەقەزای ئاکرێ لەماوەی نێوان (٢٠٢٠- ٢٠٤٠)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢٠ | 219161 | ٢٠٣٣ | 334239 |
| ٢٠٢١ | 226393 | ٢٠٣٤ | 345268 |
| ٢٠٢٢ | 233863 | ٢٠٣٥ | 356661 |
| ٢٠٢٣ | 241580 | ٢٠٣٦ | 368430 |
| ٢٠٢٤ | 249552 | ٢٠٣٧ | 380588 |
| ٢٠٢٥ | 257787 | ٢٠٣٨ | 393147 |
| ٢٠٢٦ | 266293 | ٢٠٣٩ | 406120 |
| ٢٠٢٧ | 275080 | ٢٠٤٠ | 419521 |
| ٢٠٢٨ | 284157 | – | – |
| ٢٠٢٩ | 293534 | – | – |
| ٢٠٣٠ | 303220 | – | – |
| ٢٠٣١ | 312226 | – | – |
| ٢٠٣٢ | 323562 | – | – |

کاری توێژەر: پشت بەستن بە جێبەجێکردنی هاوکێشەی بەدوا یەکهاتنی ئەندازەیی لەسەر ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی(٢٠٢٠) و ڕێژەی زیادبونە ساڵانەکەی.

بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی قەزای ئاکرێ بۆ ساڵی (٢٠٢٠) تاوەکو ساڵی (٢٠٤٠) پشتمان بەستوە بە هاوکێشەی بەدوای یەکداهاتنی ئەندازەیی بە گوێرەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

$$P_n = P_o (1 + r/100)^n$$

$P_n$: ژمارەی دانیشتوانی ساڵی مەبەست. ٢٠٤٠

$P_o$: ژمارەی دانیشتوان ساڵی بنەڕەت. ٢٠٢٠

r: درێژی ماوەی نێوان ساڵی بنەڕەت و ساڵی مەبەست. (٢٠٠٩-20٢٠) ڕێژەکەی (3.1%).

n : ڕێژەی زیادبونی نێوان ساڵەکان تا ساڵی مەبەست. (٢٠) .(ابوعينايه، ١٩٨٦١٩٨٦ص٥٦٠)،

بۆ مەزەندەکردنی پێداویستیەکانی قەزای ئاکرێ بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پشت دەبەستین بە پێوەرەکانی پلاندانان، کە بەکاردەهێنرێت بۆ بونیاتنانی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەک: توانا و شوێنی و وەزیفییەکانیان بگونجێت لەگەڵ داواکارییەکانی دانیشتوان.

پێداویستی بۆ نەخۆشخانەکان بەگوێرەی پێوەری دانیشتوان (٢٠٠٠٠) کەس بۆ هەر (نەخۆشخانەیەکی ناوەندی)یە، بە سەرنجدان لە خشتەی (١٦)، پێداویستییەکانی داهاتو لە قەزای ئاکرێ تیایدا خراوەتەڕو، بەگوێرەی پلانی ساڵی(٢٠٤٠)، (20) نەخۆشخانەی پێویستە، هەرچەندە ڕێژەکەش زۆرە، بەڵام بەپێی زیادبونی دانیشتوانە. بەگوێرەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

پێوەری دانیشتوان بۆ بنکەی تەندروستی (١٠٠٠٠) کەس بۆ هەر بنکەیەکی (تەندروستی)یە، بەگوێرەی پلانی ساڵی (٢٠٤٠) (41) بنکەی تەندروستی پێویستە.

لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بەردەوام زیاددەکات، ئەم زیادبونەش پێویستی بە ژمارەی پزیشک دەبێت بۆ چارەسەری کردنی نەخۆشەکان بە گوێرەی پێوەری عێراقی (١٠٠٠) کەس بۆ هەر پزیشکێک دانراوە، بەگوێرەی پلانی ناوبراو ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە ( 419) پزیشک هەیە.

سەبارەت بە ژمارەی پەرستیار کەوا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە پزیشکەوە هەیە لە کاری خزمەتگوزاریی تەندروستدا تەواوکەری یەکترن، بەگوێرەی وەزارەتی تەندروستی (٤) پەرستیار بۆ هەر پزیشکێکە، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی پلانی ساڵی (٢٠٤٠) (1676) پەرستیاری پێویستە.

سەبارەت بە قەروێڵە کە لە نەخۆشخانەکاندا بونی هەیە پەیوەندیەکی بەهێزی بە دانیشتوانەوە هەیە، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (٢٠٠) کەس بۆ هەر قەروێڵەیەک دانراوە، قەزای ئاکرێدا بۆ ساڵی (٢٠٤٠) (2097) قەروێڵەی پێویستە، خشتەی (١٦).

خشتەی (١٦)خزمەتگوزاری تەندروستی مەبەست ناوچەی لێکۆلینەوەبۆ ساڵی (٢٠٤٠)

| ژمارەی دانیشتوان مەزندەکردن ٢٠٤٠ | ژمارەی نەخۆشخانە ناوەندی لە کۆتایی هەر قۆناغێک | ژمارەی بنکەی تەندروستی لە کۆتایی هەر قۆناغێک | ژمارەی پزیشک لەکۆتایی هەر قۆناغێک | ژمارەی پەرستیارداواکار لە کۆتایی هەر قۆناغێک | ژمارەی قەروێلە داواکار لە کۆتایی قۆناغێک |
|---|---|---|---|---|---|
| **419521** | 20 | 41 | 419 | 1676 | 2097 |

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (١٥)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

**دەرئەنجام:** لەکۆتایی توێژینەوەکە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- پێشکەشکردنی گونجاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی پەرەپێدان، ئەویش بەندە بە پێکهاتەی خزمەتگوزارییەکە، و ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕوی خزمەتگوزاری تەندروستی پێکدێت لە (٢)نەخۆشخانە و(٢٠) بنکەی تەندروستی و(٦٨) پزیشکی گشتی و پسپۆری تایبەتی و(١٧٢) پەرستیار و (١٥٨) خاوەن پیشەی تەندروستی، کە بەسەر تەواوی نەخۆشخانە وبنکە تەندروستیەکاندا دابەشبونە، و هەروەها (١٥) دەرمانخانە و( ١١) تاقیگە لەخۆدەگرێت. جێگای ئاماژەیە ئەم پێکهاتەیە توانای پێشکەش کردنی شیاوترین خزمەتگوزاری نییە بۆ دانیشتوانی قەزاکە.

٢- بەجێبەجێکردنی پێوەرەکانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی لە بەرنامەکانی سستەمی زانیارییە جوگرافییەکان ArcGis.v.10.6دەرکەوت کە ناوەندی شوێنیی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە قەزای ئاکری دەکەوێتە شوێنێک تاڕادەیەک ناوڕاستە کە نزیک دەبێتەوە لە سەنتەری ناحیە ئەوەش بەهۆی هێزی ڕاکێشانی سەنتەری ناحیەی سەنتەر بۆ خزمەتگوزاریی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان و دەرکەوتنی وەکو سەنتەرێکی خزمەتگوزاریی، و ئاراستەی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان شێوەی هێلکەیی(٥١٠٢)یە وناگونجێت لەگەڵ فراوانبونی دانیشتوانی قەزاکە ئەمەش نەرێنییە، و دوری پێوانەیی شێوازێکی چری بەرەو سروشتی دەچێت وەرگرتوە (٦٨.١٨٪)، و هاوکۆڵکەی نزیکی (دراوسێیەتی) لە شێوازی لێکدورە (باری پەسەندنەکراو- ١.٤)، وبڕی٣.٤ Z score= بو. ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ناڕێکی لە دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

٣- ناوچەی لێکۆڵینەوە هەژارە لە ڕوی ژمارەی پزیشکی پێویست بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو و شایستە بە دانیشتوانی قەزاکە، بەجۆرێک بەگوێرەی پێوەری عێراقی پێویستیان بە (١٥١) پزیشکی تر هەیە. هەروەها لەڕوی بەکارهێنانی پێوەری ناوبراو هیچ ناحیەک بەگوێرەی پێوەر نییە کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لە سەر توانستە خزمەتگوزارییەکان.

٤- نا هاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبونی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێڕییەکان قەزاکە، بەجۆرێک تێکرایی خاوەن پیشەی تەندروستی بەرامبەر پزیشک لەسەر ئاستی قەزادا (٢.٣) کە ئەمەش کەمترە لەگەڵ پێوەری عێراقی، لەگەڵ ئەمەشدا ناوچەکە کەمی خاوەن پیشەی تەندروستی (٥٦) خاوەن پیشەی تەندروستییە.

٥- مەزەندەکردنی ژمارەی دانیشتون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی (٢٠٤٠)، ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە (419521)کەس، ئەم ژمارەیە پێویستی بۆ(٢٠) نەخۆشخانە و (٤١) بنکەی تەندروستی، (٤١٩) پزیشک، (١٦٧٦) پەرستیار، (٢٠٩٧) قەرەوێڵەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

**ڕاسپاردەکان:**

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕو:

١- دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی سەردەمیانەی تایبەتمەند بە چارەسەرکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان، بەمەبەستی پێشکەشکردنی شیاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوانی قەزاکە.

٢-دامەزراندنی کارمەندی تەندروستی بەگوێرەی پێویستی قەزاکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەوا لە کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی بەدیدەکرێت.

٣- لەبەرچاو گرتنی ژمارەو و چڕی دانیشتوان و ئاراستەی فراوانبونی ڕووبەری قەزاکە لە کاتی بونیاتنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا.

٤- دروستکردنی بنکەیەکی داتاو زانیاری ورد و گشتگیر سەبارەت بە بنکەکان و پزیشک و کارمەندانی تەندروستی، سەرەڕای ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان بە مەبەستی پێشکەشکردنی گونجاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی بەپێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5

# Efficiency of Health Services in the District of Aqrah Using Geographic Information Systems

**Fatimah Qader Mustafa**
Department of Geography, College of Humanities, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** fatma.qadr@uor.edu.krd

**Hoshmand Jawhar Abbas**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** hoshmand.abbas@su.edu.krd

**Tank Osman Saeed**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq .
**E-mail:** tnka.saeed@su.edu.krd

**Abstract:**
Health services are an indicator of human development because they are linked to development and development planning, and they constitute one of the important social sectors that each country seeks to develop and achieve the quality of its service product and provide it to all members of society.

This research aims to clarify the reality of health services in the district of Aqrah in terms of their basic components, to reveal the most important differences and discrepancies that exist in order to take the necessary measures and procedures that contribute to achieving and ensuring the efficiency and adequacy of health components.

**Key words:** Public Health Services, Spatial Center, Distribution Direction, Distance Criterion.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5**

## سەرچاوەکان:


عمر حسن حسین ڕواندوزی، ڕزگار محمد عەسمان هەنارەیی، دابەشبونی شوێی نشینگە لادێیەکانی قەزای سۆران بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، کۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، ٢٠١٧.

فاطمة قادر مصطفى و هۆشمەند جوهر عباس وسەنگەر احمد حسێن (٢٠٢١)، شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای مێرگەسور، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، بەرگی ٨، ژمارە١.

هاشم یاسین حمدامین وهۆشمەند جوهر عباس وسەنگەر احمد حسێن و فەرهاد عثمان عمر (٢٠٢٠)، جیاوازی شوێنی توانستە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەبات (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیا)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی ٢٦، ژمارە٦.

حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشەسازی GIS، ٢٠٢٠.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ئاکرێ بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ٢٠٢٠.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، ئامار، داتای بڵاونەکراوە (٢٠٢٠).

ابو عيانة،محمد فتحي، جغرافية السكان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر،بيروت، ١٩٨٦.

الخير، صفوح، الجغرافية موضوعها و مناهجها و اهدافها، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٠.

السماك، محمد ازهر سعيد، علي عبد عباس العزاوي، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلوماتية المعاصرة GIs ،دار اليازوري، عمان، الاردن ، ٢٠١١.

داود، جمعة محمد، أسس التحليل المكاني في إطار نظم المعلومات الجغرافية، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية، ٢٠١٢.

شحاتة، نعمان، الاساليب الكمية في الجغرافيا باستخدام الحاسبوب، دار الصفاء والتوزيع، عمان، الطبعة الثانية،٢٠٠٢.

صفر، زين العابدين علي، جغرافية المدن، ، ط١، دار الوضاح للنشر، بغداد،٢٠١٥.

صفر، زين العابدين علي، تخطيط المدن اسس ومفاهيم وتطبيقات، ط١، دار الوضاح للنشر، بغداد، ٢٠١٥.

العزاوي، علي عبد عباس و محمد نوح محمود، تحديد الاقليم المدرك لمدينة موصل باستغدام نظم المعلومات الجغرافية GIs، ٢٠٠٨. (غير منشور بحوزة الباحث).

الكبيسي، احمد محمد جهاد دليمى، كفاءة التوزيع المكانى لمراكز الصحية العامة في مدينة الفوجة باستخدام نظم المعلمومات الجغرافية GIS، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، كليةالاداب، جامعة الانبار، ٢٠٠٩.

الجميلي، رياض كاظم سلمان، كفاءة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعية التعليمية و الصحية و الترفهية) في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراة، كلية تربية (ابن رشد) جامعة بغداد، بغداد،٢٠٠٧.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5**

العجيلي، محمد صالح، الخدمات الصحية في مدينة بغداد، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.

عبدالله، نشوان شكري و مزگين محمد حسن، تحليل الخضائص المكانية و الوظفية لوحدات الورش الصناعية في مدينة دهوك باستخدام ال GIS، مجلة جامعة دهوك، العدد٢١،كانون الاول ٢٠٠٨.

عبدالرحمن، ريدار نبيل، التحليل المكانى و الوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، سكول الاداب، جامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٤.

ساكار محمد حسن و فاطمة قادر مصطفى، واقع التوزيع الجغرافي للخدمات الصحية فى مدينة رانية بإقليم كوردستان العراق وكفاءتها، مجلة جامعة كوية،٢٠١٧.

عمر حسن حسين الرواندزى، كفاءه التوزيع المكاني للمراكز الصحية وعلاقتها بتوزيع السكان فى مدينة اربيل، مجلة جامعة كوية للعلوم الانسانية،٢٠١٦.

فاطمة قادر مصطفى، التوزيع الجغرافى للخدمات الصحية في مدينة أربيل بإقليم كوردستان العراق، مجلة الجمعية الجغرافية المصرية، جزء الثاني، عدد٦٦، ٢٠١٥.

فاطمة قادر مصطفى، التوزيع المكاني للخدمات الصحية في قضاء شقلاوة بمحافظة أربيل بإقليم كوردستان العراق، مجلة وادي نيل للعلوم الانسانية، فرع خرطوم، جامعة القاهرة، عدد(٥)، ٢٠١٥.

فاطمة قادر مصطفى، كفاءه توزيع الخدمات الصحية في مدينة قلعەدزة (دراسة في جغرافية الخدمات)، مجلة جامعة رابەرين، المؤتمر العلمي لتنمية رابەرين وقراوة جديدة لابعاد الانتفاظة، ملحق عدد (٦)، ٢٠١٦

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الاقليمى، قسم الاسكان والسمتوطنات البشرية، اسس ومعايير مباتى الخدمات العامة، بغداد، ١٩٧٧.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper5**